# سودانی سەرپەرشتی ڕووسی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ کەمپانیای سیمەنس ئینەرجی ئەمانی دەکات



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بەڕێز محەمەد شیاع سودانی، سەرپەرشتی ڕووسی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاری لە بواری وزە و دوو گرێبەستی چاککردنەوە لەگەڵ کەمپانیای سیمەنس ئینەرجی ئەمانی کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتتوو کوتوو بڕاویکردوە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ئەمانیا لەعیراق سەرپەرشتی ڕووسی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بنەماکانی هاوکاری لەبواری وزە و گرێبەستی چاککردنەوەی هەردوو وەستگەی (گازی دبس) و وەستگەی (گەرمیی موسێیب) کرد لەنێوان وەزارەتی کارەبا و کەمپانیای سیمەنس ئینەرجی ئەمانی.

وتیشی ئامانج لە ڕێککەوتنی هاوکاری وزە / قەناغی سێیەم زیادکردنی (14) هەزار مێگاوات کارەبایە بۆ تەنی نیشتمانی کە بڕیشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی توانای سیستەمی کارەبا و باشترکردنی خزمەتگوزاری وزە لە وڵاتدا.

هەروەها دوو گرێبەستی چاککردنەوە واژۆ کرا، یەکەمیان بۆ وەستگەی درۆژخانەی گازی دبس"ـە کە دوو یەکەی بەرهەمهێنان بۆ توانای 340 مێگاوات دەبێت و ئەوی دیکەیان بۆ وەستگەی گەرمی موسێیەب"ـەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ بۆ چاککردنەوەی یەکەکانی بۆ بەرهەمهێنانی 750 مێگاوات و زیادکردنی 150 مێگاوات و دەنیابوون لە کارپێکردن و چاککردنەوە و پەرەپێدانی کارکردن تێیدا.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانەی پێشوازی کردنیدا لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیای سیمێنس بەڕێز کریستیان بروخ جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامی هاوکاری نێوان عێراق و ئەڵمانیا کردەوە بۆ هەمان شێوە و جددییەت لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی نوێدا و ئاماژەی بۆکرد کەمپانیای سیمێنس هاوبەشێکی سەرەکی عێراقە لە گێشتپێدانی کەرتی وزەدا، کە دەمارێکی بنەڕەتی بە هەموو کەرتەکانی گێشتپێدان پێکدەهێنێت.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت گرنگییەکی زۆر بەم کەرتە و ئەو کەمپانیا نێودەوڵەتیانە دەدات کە تێیدا کار دەکەن، لەوانە کەمپانیای سیمنس و ئاماژەی بە پتەوکردنی هاوکارییەکانی کرد لەگەڵ وەزارەتی کارەبادا لە بوارەکانی چاودێریکردن و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و گواستنەوە.

لە لای خۆیەوە کریستیان بروچ گرنگیدانی خۆی دەربڕی بە فراوانکردنی کارەکانی لەعیراق و دابینکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ وەزارەتی کارەبا لەگەڵی پێڕۆ ستراتیژییە گەورەکانەوە و هاوکاریکردن لەپاڵپشتیکردنی کەرتی وزە، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی چاککردنەوەی سەرجەم یەکەکانی وەستگەکانی کارەبا لەماوەی ئەمسادا.